# عەقیدەی ئیمان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# عەقیدەی ئیمان - عەقیدەی کوردیی

## "لوببەلعەقاییدد"

کۆنترین دەستنووس: ١٦/٥/١٨١٨
٢٤ محرم ١٢٣٤ هجری

کۆ و کورت کردنەوەی
خالید شارەزووریی نەقشبەندیی
(مەولانا خالید)

ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی
بابی لالۆ
(کەمال رەئووف محەممەد)

ناوی کتێب: عەقیدەی ئیمان – عەقیدەی کوردیی
کۆ و کورت کردنەوەی: خالید شارەزووریی نەقشبەندیی (مەولانا خالید)
ئاشناکردن و لێکۆڵینەوەی: بابی لالۆ (کەمال رەئووف محەممەد)
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٦٠
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتی: ئەمیری حاجی داود
هەڵەگری: نووسەر
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشکەشی هیوای وجوودی بێ هوودەم (لالۆ)ی جوانەمەرگ...

بۆ گیانی پاک و ئافەرینی بەندەی خوداناس، ئینسانی ژیر، کوردی نەتەوە و هەژارپەروەر، کوڕی خوێندەوار و توانا و ڕەوشت بەرزم، (لالۆ)ی دەرچووی کۆلێجی زانیاری- بایۆلۆژیی زانکۆی سەلاحەدین: ١٩٩٧ و خوێندکاری ناکامی یێکەم پۆلی کۆلێجی قانوونی- شەوانەی- زانکۆی سلێمانی، کارمەندی دەستپاکی دەزگەی نێو دەوڵەتیی F.A.O... زاوای ناکام کە عەسری ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٥ لە گەڕانەویدا- دوای گرتنی هێلانەیێ لە ئوتێلی هاوینەهەواری دوکان بۆ گواستنەوەی بووکە حەلاڵەکەی لە ٢٠٠٢/١٢/٣١دا- لە ڕێگەی گردە بۆری سلێمانییدا، بێ گوناه و دەستەپاچە وەک سوارێکی تاکسیی، بەپێکدادانی ئەژدەهاکێکی دی، (جوانەمەرگ) بوو... ڕەنجی تەمەنی بیست و هەشت بەهارەی تەڕوپاراوی، چڵەی چاوی گەشی بۆ خوێندەواریی، خەونە شیرینەکانی بۆ دوارۆژی ڕووناک و بەرزیی نەتەوەکەی، تەخت و بەختی ژینی خێزانی، هەموو پرۆژە نووسینێکی بابی لەخۆبوردووی و خزمەتگوزار و دیار ئاخیر و تەنیا و نەخۆش و مەنفانشینی کوێر بۆوە.

لالۆ، کوڕە پڕ جەوهەرە خۆش ئاوازەکەم، تۆ و گیانت ئافەرینی خودان... تۆ هاودەنگی ئەم ڕەنجەی بیست ساڵەم بوویت کە هەتا دوای هەڵفڕینت بۆ عەدەم، لە ئەوێوە هانات بۆ دەهێنام، یەخەت دەگرتم ئەم (کارە) تەواو بکەم... سا من گوێ ڕایێڵ و ئافەرینیش بۆ تۆ!


لالۆ: هیوای وجوودی بێ هوودەم، مەرگی تۆ و پێتەختە نوێیەکت لە گردی «سەیوان» سلێمانیی، مەرگی تۆ و هەموو جوانە ناکامەکانی بست بەبستی کوردستانی پیرۆز، دڵنیاتری کردم کە هەموو شتێ بێ هودەیە؛ دەبێ و دەبڕێتەوە و هەر تاکە توانا و خاوەندی عەدەم و وجوود، خاوەندی هەردوو دونیای ڕوون و تاریک، (خودا) خۆی تاقە نەمرێکە و ئەزەلیی هەر ئەوە، بۆیێکا دڵنیابە هەتا دوا هەناسە هەر دەڵێم: (انا لله وانا الیە راجعون). لالۆ، لەلەی بەهار و پایزی عومرم، لا-لا-لا، لەو لەو- لالۆ جوانەکەم، چاوێ هەڵبێنە، وا هاتم!

بابت

کەمال ڕەئووف محەممەد

زیندانی مەنفا- ستێل/ هۆڵاند

نیوەشەوی ٢٠٠٣/٩/١ ملیار



لالۆی جوانەمەرگ

(٢٠٠٣/١٢/٢٥ - ١٩٧٤/٤/٢٠)

# ڕستی بابەتەکان


پێشەکی ........ 10

**بەشی یەکەم**

١- سەرنجێکی مێژوویی خێرا ........ 19
٢- ئایینی کورد ........ 21
٣- زمانی کورد ........ 21
٤- باری خوێندن و خوێندەواریی ........ 22
٥- باری زمان و ئەدەبی ........ 25
١/٥- باری زمان ........ 25
٢/٥- باری ئەدەب ........ 27
١/٢/٥- پەسنی ئەدەبی گەل ........ 28
١/٣/٢/٥- وێنەی هەڵبەست و پەخشان وێکڕا ........ 30
٢/٢/٢/٥- وێنەی پەخشان- چیرۆک ........ 34
٢/٢/٥- پەسنی ئەدەبی نووسراو ........ 35
١/٢/٢/٥- شیعر و نەزم- هۆنراو و هەڵبەست ........ 36
٢/٢/٢/٥- پەخشان ........ 37
١/٢/٢/٢/٥- پەخشان بەشێوەی کورمانجی باکوور ........ 37
٢/٢/٢/٢/٥- پەخشان بەشێوەکانی دی ........ 40

**بەشی دووەم**

١- نۆڕینێ بەوڵاتی بەبە- باباندا ........ 43
٢- باری خوێندن و خوێندەواریی وڵاتی بەبە- بابان ........ 45
٣- باری زمان و ئەدەب لە وڵاتی بەبە- باباندا ........ 46
١/٣- زمان- شێوەیی ........ 46
١/١/٣- شێخ سادیق نێو ........ 47
٢/١/٣- مەلا محەممەدی سێوچێ ........ 48
٣/١/٣- شایێری گەل عەلی بەردەشانی ........ 48

٢/٣- ئەدەب ........ 51
١/٢/٣- سەردەمی عەبدورڕەحمان پاشا- باری ئەدەب ........ 56
٤- دوارۆژی وڵاتی بەبە- دوارۆژی ئەدەب ........ 67
١/٤- دوارۆژی وڵات ........ 67
٢/٤- دوارۆژی ئەدەب ........ 67
٣/٤- ئارەزووی خەڵک- دوارۆژی هونەرەکانی ئەدەب ........ 69


**بەشی سێیەم**


١- عەقیدەی ئیمان، دانان و نووسینی لەنێو کورددا ........ 73
٢- مەلا- مەولانا خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی ........ 75
١/٢- لێکۆڵینەوەی ژینی ........ 75
٢/٢- دانراوەکانی ........ 84
٣/٢- کێشەی مەلا- مەولانا خالید ........ 121
٣- پەسنی دەستنووسەکان ........ 146
١/٣- پەسنی: د-١ ........ 146
٢/٣- پەسنی: دەستنووسەکانی دی ........ 150
١/٢/٣- پەسنی: ٢، ٣ ........ 150
١/١/٢/٣- پەسنی د-٢ ........ 150
٢/١/٢/٣- پەسنی د-٣ ........ 151
٣/٣- یادکردنەوەی: د-٤ی بڵاوکراوە ........ 152
٤- مەتنی عەقیدەی ئیمان- خالیدی شارەزووریی نەقشبەندیی ........ 154


**پاشکۆ**


١- عەقیدەی کوردیی هەڵبەستراوی: سەمیع ........ 167
- پەسنی ........ 167
- مەتنی ........ 169
٢- پەراوێزێکی پێویست ........ 186
٣- فۆتۆکۆپی دەستنووس و بەڵگە و وێنە: ........ 191
٢/١: د-١ ........ 191

٢/٢: د-٢ ........ 226
٢/٣: د-٣ ........ 251
٢/٤: د-٤ «بڵاوکراوەی محەممەدی مەلا کەریم- گوتاری و مەتنی دەستنووسەکە........ 263
٢/٥: د-٤ عەقیدەکە ........ 287
٢/٦: د-٥: سەمیع ........ 307
٢/٧: عەقیدەی سەیید تەهای شەمزینی ........ 317
٢/٨: موناجاتی کوردیی، (شێخ سادق) ........ 323
٢/٩: توبا کوردیی، (مەلا مەحموود) ........ 324
٢/١٠: سەرە قەڵەمە نامەیێکی کوردیی، (مەولەوی) ........ 325
٢/١١: نامەی فارسیی، (کاک ئەحمەدی شێخ) ........ 326
٢/١٢: وەقفنامەی عەرەبیی: (عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە) ........ 327
٢/١٣: وێنەی نیگاری زیندووی، (عەبدوڕڕەحمان پاشای بەبە) ........ 328
٢/١٤: چەند وێنەیێکی فۆتۆگرافی لێ کۆڵ لە باژێڕی شام- سووریادا! ........ 329

# پێشەکی

-١-

باوەڕ ناکەم لەسەر ئەم زەمینەدا کوردی بێ خەم هەبێ. من یێکێکی نێویانم، بەڵام خەمەکەی من بۆ ئاسودەیی و خەو و خۆراک نەبووە، بەڵکو بۆ ئازادیی و تێ گەیشتن و پێ گەیشتنی هاونەتەوەکانم بووە. دەشبێ لە کۆنەوە ڕۆشنبیرەکانی ئەم گەلە دووچاری تاڵیی بووبن، بەڵام باری من- بەهۆی نەخۆشییەوە- لە ئەوان توندتربووە، هەر بۆیێکا لە پێشەکیی ئەم «بابەتە»دا، ناچارم ئەو بارە ناهەموارە تیکەڵ بکەم، نەک هەر لەبەر بارەکە خۆی، بەڵکو بۆ وەڵام دانەوەی مەڵامەتی دواکەوتنی ئاشنابوونی ئەم بابەتە!

ئەوجا دەڵێم لە ژینی ڕۆشنبیریمدا خولیای هێندێ بابەتی ناسک بووم. یێکێکیان (ئەدەبی نامەنووسینی کوردیی)ە کە تا ئەورۆ فەرامۆشە! بۆ ئەم مەبەستەم لە ساڵی ١٩٨٢دا بڕیاری بەخۆکەوتن و بەجێ هێنانم دا، بەتایبەتی بۆ بەرەو دوا لە کاری ڕۆژنامەنووسیی ڕادیۆ دوور خرامەوە.

هەڵبەت لە ڕاییڵەی کۆششدا، پێوست بوو چاو بۆ ناسینەوەی ڕیشەی مێژووی (پەخشانی کوردیی) هەڵبخەم کە تا ئەو هەلە و تا ئەورۆش کۆنترین پەخشان- شێوەی بابان، سلێمانیی، سۆران-ی هەر ئەو (عەقیدەی ئیمان- عەقیدەی کوردیی) خالیدی شارەزووری نەقشبەندییە کە دۆستم محەممەدی مەلا کەریمی لێ کۆڵ لە ١٩٨١دا ئاشنا و بڵاوی کردەوە![1] هەڵپەم بوو، چەند بتوانم کەرەستەی بابەتەکەم چڕوپڕتر بێ، سۆراخی هەر نووسینێکی دی بکەم و پشتیوانم بێ. بۆ ئەمە لە ساڵی ١٩٨٣دا ڕووم کردە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی و کەوتمە دەور کردنەوەی (دەستنووسە کۆنەکان)ی گەنجینەکەی کە ڕێبەرەکەی: لێ کۆڵ مەحموود ئەحمەد گەلێ دەستنووسی تۆمار و بەکتێب بڵاوکردۆتەوە![2] لە هەلی پشکنینمدا دوو وێنە دەستنووسی دی (عەقیدەی ئیمان)ەکەم بەر چاوت کەوت کە هەردوو لەلاییەن ڕێبەری دەزگەکەوە نێویان- بەژمارەوە- ڕێز کراوە. سەرنجم دا ئەو کەسە. لە ئاشنا کردنی یێکێکیاندا (بەمێژووی نووسینی نەزانیی بێ) بۆیێکا محەممەدی مەلا کەریمیش ئاگەداری نەبووە کە بێ گومان کەسی دیش پێی نەزانیوە!.

---

١- بنۆڕە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد- ب ٨، بەغدا، ١٩٨١، ل ١٩٩-٢٢٣.

٢- بنۆڕە:فهرست الكتب والملخوطات في مكتبة الاوقاف المركزية في السليمانية-٣ جزم:١٩٨٢- ١٩٨٤.

ئەم دەستنووسە -باسی پتر دەکرێ- گرنگییەکەی لە ئەوەدا نییە کە (نێوی ڕوونووسکەری لەسەر نییە)، بەڵکو لە ئەوە دایە کە پەنجاو هەشت ساڵ پێش دەستنووسە بڵاوکراوەکەی محەممەدی مەلا کەریم نووسراوەتەوە!

ئەم باسانەم لەگەڵ ڕێبەری دەزگەکە کردەوە و ئاگەدارم کرد کە بڕیارم دا -لەپاڵ کارەکانی دی مەبەستم- خەریکی لێ وردبوونەوە و ئاشناکردنی ئەم دەستنووسە بم. هەر ئەویش دوای ماوەیێکی کەم، وێنەی دەستنووسێکی دی هەمان عەقیدەی خستە بەر دەستم، بەئەم پێیە بەبڵاوکراوەکەی محەممەدی مەلا کەریمەوە چوار وێنە دەستنووسی عەقیدەکەم لێ دیار بوو، فۆتۆکۆپیی سیانیان و ژمارەی ڕستی تۆماریشیانم وەرگرت!

لەبەرەەوە، لەپاڵ کارەکانی دیم، کەوتمە ڕاگواستنەوەی مەتنی هەر سێ وێنەکە و لێکۆڵینەوەی ئەوان و ژینی خاوەندەکەیان. لە ئەو هەلانەشدا پەنام بردە بەر زانا و گەورەم (شێخ محەممەدی خاڵ) کە باب ئاسا، دەرگەی دڵی، گەنجینە و کتێبخانە نایابەکەشی بۆ کردمەوە و کۆمەڵێ کتێبی عەرەبیی، نامەی دێرین تا نوێ، هەروەها دەستنووسێکی (عەقیدەی ئیمان)ی هەڵبەستراوی (سەمیع) نێوێکی خستە بەردەستم و ڕێگەیشی فەرموو فۆتۆکۆپیی بکەم[3] کارەکەم هەڵکشا بوو بۆ بەرەو ژوور و هاتبوومە سەر لێکۆڵینەوەی گشتیی مێژووی هەڵکەوتنی (پەخشانی کوردیی) و باری لە وڵاتی بەبە-باباندا کە لە گەرمەی چلەوی چاودا و نیوە شەوی ١٩/٥/١٩٨٥، کوڕە گەورەکەم (کامۆ) لە پرێکدا و لەسەربانەوە -خەریکی کۆششی تاقیمانەی دوا پۆلی ئامادەیی بوو- هاتە خوارەوە و شپرەزە و دەم بەهاوار و پرسیار ڕووی تێ کردم و گوتی: (بابە، ئەوە تۆ دەرگەت لێ کردوونەتەوە!). سەرسامی کردم و گوتم: (دەرگەی چیی و لە کێ بەئەم نیوە شەوە!) گوتی: (والله سەربان پڕە لە قووات خاسسە!!)، تومەز نزیکەی دە کەسی پڕ چەکی نێرووە بێ ئابڕۆکانی ئاسایشی بەعسی عەرەبی عێراق، سەربانە و سەربان بازیان داوەتە سەربانی ماڵی ئێمە و بۆسەیان بۆ پێشمەرگەی کوردستان ناوەتەوە. ئەوم هێنایە خوارەوە و دەرگەی سەربانمان داخست و (نووسینەکانی بەردەستم) پێچایەوە. ئیدی لە ئەو هەلەوە دەستم لە ئەم کارەی ئێستەمە هەڵگرت و ئارەزووم نەچۆوە سەری!

لە ١٩٨٧دا کوڕە گەورەکەم -بێ ئاگە لە هەموو تێکەڵییەکی سیاسی و بە تۆمەتی

---

٣- لە ١٩/١٢/١٩٨٦دا دەستنووسەکەم لە ئەو زاتە گەورەیە وەرگرت و لە ١٢/٢٠ فۆتۆکۆپیم کرد و لە ٢١/٢١/١٩٨٦دا بۆم گێڕایەوە.

لایێنگیـری شۆڕشگێـران- لەگـەڵ پتر لە سەدوپەنجـا کوردی جوان و بێ گونەھ کەوتە بەر کـەڵبـەی گورگـەکـانی ئاسـایشی بەعـسی عـەرەبەوە، دوای سـاڵێ ئەشکەنجـەی دڕندانە و زیندانیی و هەڕەشەی لە سێدارەدان و دیتنی بەنێو (دادگەی شۆڕش- محکمة الثورة)، خودا هەموویانی ڕستگار کرد و کوڕەکەم بەنەخۆشییەکی گرانەوە بەربوو. ئەو ساڵە هەرگیز قەڵەمم پێ نەگیراوە.

لەنێـوان ١٩٨٩-١٩٩١دا، بارەکـانی تەنگانەی دوای (جـەنگی کـوێت)، هەروەها قـەومانی (ڕاپەڕین- کۆڕەو) و دەربەدەریی و گرانیی و بێ کاریی و گەورەبوونی کوڕەکانم و خـوێندنیـان لە زانکۆدا، هەمـوو ئەمـانە -سـەرباری ڕمـانی تەندروسـتیم- هەمـوو زەبری گـــورچک بڕ بوون بۆ باری گـــوزەرانم، بەڵام ورەم نەبەزی و نووچی نەدا و بەکـــاری نووســینەکـانمەوە، بەگـوڕترەوە خـەریک بـووم. لە هاوینی ١٩٩٨دا ناچار، ناچار کـەوتمە زینداني مــەنفــا- هەندەرانەوە... کـۆڵ و بارم چەند دەردێکی ترسناک و گـیـانێکی پڕ هیـوابوو، بەتایبـەتی بۆ ڕسـتگارکـردنی کـوڕە گـەورە نەخـۆشـەکـەم. لە وڵاتی هۆڵاندا گیرسامەوە، دەمودەست کەوتمە نێو گەردە لوولی کەمپە زیندانە نەگریسەکانەوە، بێ کەس و نەخـۆش، لە بریی ئەوان و کـتـێب و نووسین، هاودەنگێ، سـەبووریێ، ڕەفـتـاری ڕەگەزپەرستانە -کە بەعسیان وەبیردەهێنامەوە- تا ئەتواری ناشیرینی سەدان پەنابەری هەمەڕەنگە، جێگەیان گرتنەوە. دوای نۆ مانگێ، (دڵ) لە ئەوە دابوو بوەستێ. پزیشکان ناچار مـان «پاترییـەکی بچکۆلەی کـۆمـپیـوتری» لە سنگمـدا بۆ بەهێـزبوونی نەبزی، بچەقێنن، ئەمەش دەبوو هەمیشە لەژێر چاودێرییدا بێ کە لە نیشتماندا توانای ئەوتۆ نییـە. هەروەها سـیـپـەلک، جگەر، گـەدە، بڕبڕەی پشت و هتـد، تا ئەورۆ بێ دەرمـان ماونەتەوە.

دیاربوو کە بەڕاستیی کەوتوومەتی توونی دۆزەخەوە، نەتوانای گەڕانەوەم بۆ نیشتمان و نەبارگـران کـردنی ژینی منداڵـەکـانم و کـابانم هەیە، نە لەلای سێ حکوومـەتی عـێـراق، هەولێر، سلێمانیشدا کار و مووچەم هەیە.

ڕاستییەکەی ڕۆژێکم بەساڵێک و ساڵێکم بە سەدان سەدە دەبینی، بەڵام ئەگەر ئەمە چارەنووسی پاییزی تەمەنی مرۆڤێ بێ، دەبێت ورەی بەرز لە عۆدەی بێ و زۆرانی لەگەڵ بگرێ، بۆیێکا -وەک هەمیشە- ڕێگەی بەرهەڵستیم گرت و داوای کار و نووسینەکانم لە جگەر گۆشەکانم کرد.

لەنێوان ١٩٩٩-٢٠٠٠دا، هەگبەیێ کارم -بەدەستیی چ بەفاکس- پێ گەیشت. ئەم

(بابەتە)ی لەنێویدا بوو. ئیدی لەنێو ئەم زیندانی کەمپ و ئەوی دیدا، شەو و ڕۆژ چڵەی چاوم دا. لەپێشەوە خووم دایە ڕەنجی بیست ساڵەم، (ئەدەبی نامە نووسینی کوردیی) و لەگەڵ پاکنووسی یێکجارەکی، لەبەرەوە بەسێ وێنە فۆتۆکۆپیم کرد.

بەڵام هەر کە تەواو بووم، لە سەرەتای هاوینی ۲۰۰۱دا تووشی خوێنپژانێکی کوتوپڕ و ترسناکی سیپەلک بووم، نزیکەی دوانزە ڕۆژێ لە خەستەخانەدا کەوتم و بەنیوە نەشتەرگەرییێ و بەپلاستیک تێ کردنی، ڕایانگرت و کە هاتمەوە زیندانی کەمپ، لە ئەو بارەدا کەسێ نەبوو پەرداخێ ئاوم بداتێ لە هەلێکدا -بەنێو- خوشک و لە هۆلاند و دوو برا لە ئەوروپادا بوون!! ئەم هەڕەشە هەمیشەییەی حەزرەتی عیزرائیل و کەمپی پڕ گێچەڵ و نادیاریی داخوازیی پەنابەریم -چوار ساڵی برد- بەتایبەتیش ترسی لەنێوچوونی ئەم هەگبە نووسین و کارە نیوە چڵانەیە کە هەموو مولکی نەتەوەکەمن، ناچاریان کردم گشتیان خڕ بکەمەوە و لە ماڵی هەرە هاوەڵی بەشەرەف و دڵسۆزم (مەحموود ڕەزا ئەمین)ی نیشتەنیی دوورە باژێڕێکی هۆلاندا دایبنێم تا بپارزرێن و ئەگەر عیزرائیل مۆڵەتی فەرموو و لە ئەم وڵاتەدا مامەوە، لەبەرەوە بابەتاو و بابەتم بۆ پۆست بکات کاریان تێدا بکەم! ئەو هاوەڵە جوامێرە و هاوەڵێکی دۆستم (ئازاد کاکە ڕەش) پێکەوە هاتن بۆ دیدەنیم و هەگبەکەمیان برد کە بەشێکم جودا کردبۆوە -دەستنووسە هەرە گرنگەکەی ئەم بابەتەیشی لەنێو دابوو- تا لە ئایندەییێکی نزیکدا کاریان تێدا بکەمەوە.

هەر لە سەرەتای بەهاری ۲۰۰۲دا کە مافی پەنابەرێتیم پێ بڕا، دەبوو چاوەنۆڕی دەستگیربوونی کولانەییێکی دی بکەم کە سنووری دیار نییە، من هێزی چاوەنۆڕیم نەمابوو، بەتایبەتی لە مانگی حوزەیراندا دیسان تووشی خوێنپژانی سیپەلک بوومەوە و بێ ویژدانیی پزیشکەکەم دیت کە لەبریی فریاکەوتنم ئاگەداری کردم گۆیا چارەم نییە و ژینم بەبەرەوە نەماوە، هەر بۆیێکا دەردەکەی جگەریشم دەرمان ناکرێ. ئیدی بڕیاری گەڕانەوەم دا بۆ نیشتمان تا لە نیشتمانەکەمدا بنێژرێم، بەڵام لەبەر گەرما گەڕانەوەم دواخست بۆ پاییز.

لە ئەو هەلەدا هاوەڵە دڵسۆزەکەم (مەحموود ڕەزا ئەمین) لەسەر سەفەر بوو بۆ دیدەنیی نیشتمان و تکام لێ کرد تا ئەو دەگەڕێتەوە و سەرەی سەفەری من دێ، بەشە کاری (ڕۆژنامەی پێشکەوتن- سلێمانیی) بۆ پۆست بکا تا چەند بتوانم و تا پاییز تەواوی بکەم. ئیدی بۆیی ناردم و بەنەخۆشییەکانمەوە کەوتمە چڵەی چاو. تا ئەو لە مانگی ئەیلوولدا هاتەوە، کارێکی باشم کردبوو، بەڵام لە پڕێکدا ڕاوەستام کە هێندێ سەرچاوەی

کارەکەم لێ بڕابوو، بەخەیاڵی خۆم ئەو هاوەڵەم لەبیری چووە بیانێرێ. لەگەڵ چاوەنۆڕیی هاتنەوەی ئەو و دەستگیرکردنی ئەوەی مەبەستمە، من لەلای خۆمەوە لە گەڕانەوەم بۆ نیشتمان پاشگەز بووبوومەوە، چونکە (لالۆ) کوڕە نێونجیبە بەخشندە و ژیر و خۆشەویستەکەم هاوسەری هەڵبژاردبوو، بەڕەوام نەزانیی ژینی نوێی بەئەم دەردە سامناکانەمەوە گیرۆدەی داماویی و تاڵیی بکەم. بگرە بڕیارم دا لە زیندانی غەریبایەتیدا بمرم خۆشترە لە ئەوەی ژینی تاڵ بکەم، ژینی (لالۆ).

کە هاوەڵەکەم لە مانگی ئەیلوولدا گەڕایەوە، لەلایێکەوە کولانەیێکی حەوانەوەی نویم بۆ دەرچوو بوو کە دەکەوتە ئاواییەکی چەپەکی سەر سنووری هۆڵاندا – ئەڵەمانیا و دەبوو لە ٢٢/١٠/٢٠٠٢دا بگوێزمەوە. هەر کە هاتەوە ئەم هەواڵانەم لێ ئاشکرا کرد و داوای ئەو (کەرەستانە)م لێ کرد کە لە هەگبەکەمدایە، هەروەها سەر لەنوێ داوای بەشەکانی دی «ئەم بابەتە»م لێ کرد تا پێکەوە بۆ بنێرێ و لەبەرەوە، لە کولانە نوێیەکەمدا کاریان تێدا بکەم، کەچیی چەند ڕۆژێ خۆی ماندوو کرد و گەڕا، هەر بۆیی نەدۆزرایەوە گۆیا ئەوانەی تێدا نییە! ئەم هەواڵە تەزاندمی و لە تاودا پەنام بردە بەرماڵە دۆستانی دیم وەک (ئاسۆی مام عومەر) و (لوقمان فەرحان قاسم- بابی بارین) نەبادا ئەم (بەشە کارانە) کەوتبێتە لایان، کەچیی هەموویان یێک وەڵامیان هەبوو؛ لامان نییە[٤].

لە ١٥/١٢/٢٠٠٢دا لالۆکەم بەتەلەفوون -دوا قسەی نێوانمان بوو- ئاگەداری کردم کە وێنەی هەرە دەستنووسە کۆنەکەی (عەقیدەی ئیمان) و داواکراوەکانی دیی دۆزیوەتەوە و بەهاوەڵێکی (شاهۆ)ی برای لە سویددا ناردوونی و بەئەم نزیکانە دەمگاتێ. دڵم ڕوون و ورەم بەرزبۆوە. لە ئەو لاوەشەوە کاکە مەحموود ڕەزا ئەمین جانتایێ نووسین و بەڵگەنامە و

٤- ئێستە و ئەوساش چەند بیرم گوشیوە، ئەم ون بوونەم بەوێنەی ڕێکەوتی بێ هوودە دەهێنێتە پێش چاو. من لەدوا دیدەنیی ئەم دوو هاوەڵەمدا، بەجودا ئەو (کەرستانە)م لە کیسەیێکی ڕەشی نایلۆنی زبڵدا ئاخنیی بوو. دڵنیام یێکی لە ئەواندا بەهەڵە کیسەکەی بەزبڵ زانیوە و فڕێی داوە.ئەو کیسەیە، وێنەی هەرە کۆنی (عەقیدەی ئیمان) و پاکنووسی هەرسێ دەستنووسەکانی و لێ کۆڵینەوەی ئەوان و ڕۆژگاری هەڵکەوتنی پەخشانی کوردیی لە وڵاتی بەبەدا، هەروەها چەند کەرەستەیێکی (ڕۆژنامەی پێشکەوتن- سلێمانیی) و کۆمەڵێ کتێبی بەنرخی کوردیی و سەرچاوەی عەرەبیی و چەند وێنەیێکی دەگمەن و زۆر کۆنی فۆتۆگرافی هێندێ بەنێوبانگی کوردی تێدابوو. بەڵام بە ئەوەی باش بوو فۆتۆکۆپیی (دوو دەستنووسی عەقیدەکە) و (ژینی خالید شارەزووری نەقشبەندیی) و (عەقیدەی ئیمان)ی هەڵبەستراوی (سەمیع) نێو، لە ئەو کیسەیە دا نەبوو.

کتێبی بۆ پۆست کردم.

هێشتا کەرەستە نێردراوەکانی نیشتمانم پێ نەگەیشت بوو -لە گەرمەی پێنج فەرزە نوێژ کردن و چاوەنۆڕییدا- لەپڕێکدا، لە ٢٠٠٢/٢/٢٨دا هەواڵی جوانەمەرگ بوونی (لالۆ)م پێ گەیشت کە تەخت و بەختی هەستیمی ڕماند و هێزی ئەژنۆ و قەڵەمی شکاند و هەرچیی ئەلف و بێ و کارێکی نووسین هەیە، هەموو بوون بەتارماییەکی بێ هوودە. هەر ئەو ڕۆژە هەمووی پێچرایەوە و دامە دەست کاکە مەحموود تا بۆ ڕۆژگار بیانپارێزێ و ڕۆژگارێ -دوای خۆم- ئەو خۆی یان نەوەکانم کاریان تەواو بکەن... بەئەم پێیە بووم بەپەرێکی سووکی بێ کێش بەدەم گەردەلوولی بێ هوودەییەوە و دیار ئاخیریش بووم.

بەتەمای گەڕانەوە بووم بۆ نیشتمان، بەڵام بەهیوای مافی هێنانی کابانم و کیژە تاقانە داماوەکانم، هەروەها لەبەر نالەباریی و کێشەی تەواو نەبوونی (کامۆ) و (شاهۆ)ی دەربەدەرانی سوید و بریتانیا، مانەوەم پەسەندتر کرد. هیوای یێکەم -دوای چوار ساڵ چاوەنۆڕیی و لێ نەپرسینەوە- پووچ دەرچوو، بۆیێکا بڕیارم دا ئەو داماوانەش نەکەونە زیندانی مەنفاوە، تا ئەوڕۆش کە ٢٠٠٣/٢/٦ ملیارە هەواڵی کارەساتەکەم لە کوڕەکانم شاردووەتەوە.

ئەم ماوەیە، بەئەم لەش و لار و ئەم زیندانەوە، قەڵەم شەرەمەسارە وێنەی ژینی مەمرە مەژییم بکێشێ، بەڵام تا ئەم دوای مێژووە سات نەبووە وێنە جوان و دەنگە و وریاکەی (لالۆ) نەم ورووژێنێ، نەم تەزێنێ، نەمجووڵێنێ...

لالۆ قوتابی دوا پۆلی سەرەتایی بوو کە لەگەڵم دەهات بۆ کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانیی. من دەوری دەستنووسە کۆنەکانم دەکردەوە، ئەویش خەریکی خوێندنەوەی جزمەکانی مەوسووعەی (ئەلمەعریفە- المعرفه) بوو.

بێ لە پێوەندیی باب و فرزەندیی، پێوەندییەکی پیرۆزیشمان لەنێواندا بوو، ئەو شەیدای خوێندنێکی پێشکەوتوانە و من خولیای خوێندەواریی و خزمەت.

دوێنێ وێنەی هەرە دەستنووسە کۆنەکەی (عەقیدەی ئیمان) و کۆمەڵە بەڵگەنامەی دی کە بۆی ناردبووم، پۆست لەلای (شاهۆ)ی برایەوە گەیاندییە دەستم، کە چاوم بەئەوانە ڕوون بۆوە، زایێڵەی دەنگی (لالۆ) لە گیانمەوە دەهات: (بابە، تو هەمیشە خودا، کورد و کوردستان، ئێمە و زانستت لە ئامێزی گیان، لە ڕەزمی دڵ و لە ڕووناکیی چاوتدا نابوو، چۆن دەبێ بوەستیت؟ مەوەستە، گوڕ بگرەوە، تەحەددای بێ هوودەیی بکە!)

ئەوە بڕیارم داوە بەگوێی هاواری ڕاست و ڕەوانی بکەم، هەر بۆیێکا بڕیارم دا -

بەتەلەفوون- داوای دەستنووسەکانی دی عەقیدەکان و ژیننامەی خاوەندەکەی بکەم کە لە هەگبەکانی لای کاکە مەحموود دان، بەڵام وەکو ئەم کارەشم بەجێ هێناوە هەرچەند دەکەم لەخۆ ڕانابینم هێمنانە بیر بکەمەوە، قەڵەم بگرم و بکۆڵمەوە.

ڕاستییەکەی ئەوە پەشیمانیم هێنا و بڕیارم دا تەلەفوون بکەم کە ئەو دڵسۆزە هیچم بۆ نەنێرێ، چونکە بەڕاستیی هەست دەکەم بەتەواو بوونم، بێ لە بڕوای پزیشک هەست بەشکستیی تەواوەتیی دەکەم!.

-٢-

ئەورۆ ٢٠٠٣/٦/٢٥ ملیارە و شەش مانگە (لالۆ)کەم بەجەستە لە ئامێزی خاک و خۆڵی گردی «سەیوانە» دایە. باری خۆم و خێزانم مەمرە مەژییە، بەڵام ئەوەتە -بەزەبری گیانی لالۆوە -قەڵەمم گرتووە و بڕیارم داوە چەند بابەتێکی عەرەبیی بنووسمەوە[٥].

-٣-

لە ئەورۆوە کە ٢٠٠٣/٧/٢٢ ملیارە و فۆتۆکۆپیی کتێبە عەرەبییەکەم تەواو کرد، بڕیارم داوە بکەومەوە کار لە عەقیدە نامەکەدا.

-٤-

چل و حەوت ساڵە وڵاتی هۆڵاند گەرمای ئەو ساڵی نەدیتووە، پلەی گەرما چل و چوارە، پانکەیێکم نییە و چەندم کرد لە بازاڕدا دەستم نەکەوت. خنکاوم، لە چاپخانەیێکدا کە هێندێ فێنکە، ئەورۆکە ٢٠٠٣/٨/١٠ ملیارە لە نووسینەوەی (عەقیدە نامە) هەرە کۆنەکە بوومەوە.

-٥-

ئەورۆ ٢٠٠٣/٨/١٣ ملیارە، لە کونجی زیندانەکەمدا کەوتمە تەواوکردنی ئەم پێشەکییە کە بیرم تیژکردۆتەوە بڵێم:

٥- بابەتەکانی (وثیقة تأریخیة مفقودة لادانة متهم معروف) و (قراءة موثوقة للوضع الكورد الاجتماعي بعد الحرب العالمية الاولى) و (عريضة شكوى لنخبة السليمانية الى سلطان الدولة العثمانية) و (باقة رسائل الشيخ معروف النوديهي البرزنجي شهادة على عهد وذاته) بۆ کتێبە عەرەبییەکەم کە نێوم لە (دراسات صحافية ثقافية كوردية)وە گۆڕیی بۆ (باقة دراسات كوردية) کە لە ١٩٩١دوە چاوی نۆڕی چاپە.

١- نازانم ڕۆژانی داهاتووم چۆن دەبێت و ئایا حەزرەتی عیزرائیل بواری تەواوکردنی ئەم کارە دەدا یان نا ؟

٢- ئەگەر بوارم بوو، بەرگەی درێژدارپی ناگرم و لەبریی هێنان و بردنەوەی جودایییەکانی وشە و ڕستە گۆڕدرا و داتاشراوەکانی نێو دەستنووسەکانی (عەقیدەی ئیمان)، بڕیارم دا، دەستنووسەکان -وەک خۆیان، بەنووسینەوەکەی چوارەم دەستنووسی محەممەدی مەلا کەریمەوە- چاپ بکرێن کە ئەمە نەک سووک کردنی باری منە، بەڵکو دەرفەتێکی ڕوونە بۆ لێ کۆڵەکانی زمان و ئەدەب تا لەلایێکەوە باری گۆڕین و دەستکاریی هەمان پەخشان- عەقیدە نامە و باری ڕێنووسیشیان ورد بناسنەوە.

٣- پێ ویستم زانیی لە ئاستێکی ماقووڵدا، کۆمەڵە باسێکی کورد و کوردستان تا هەڵکەوتنی هونەری پەخشان و هەڵبەست و هۆنراوە -لە ئەدەبی گەل و نووسراودا- بنوێنم بەشکو خوێندەوار ڕوونتر لەباری هەڵکەوتنی ئەم پەخشانە- عەقیدەنامەیە تێ بگات و باری گۆڕینەکانی بیر و پێشکەوتنی نووسینی پەخشانی کوردیی ببینن.

٤- دەبوو «فەرهەنگۆکێ» ڕێک بخەم، بەڵام هەستم کرد تەواوکردنی کارەکە لەپێشترە بۆیێکا فەرامۆش کرد.

٥- هەموو مەبەستێکی کارەکەم بەتەنێ ئەوەیە، ئەم دەستنووسە هەرە کۆنە و ڕاستییەکەی کۆنیی و دانانی لە مێژووی ئەدەبی کورددا ون نەبێ.

٦- دەستنووسەکان، بە عەقیدە هەڵبەستراوەکەی (سەمیع) نێوەوە، چوارن... هەرە کۆنەکەی کە یێکەم جارە بخرێتە ڕوو، ژمارەی تۆماری لە دەزگەی ئەوقافی سلێمانییدا دیارە و لەبەر دەستمە، بەڵام دوو وێنە دەستنووسەکەی دی ژمارەکانم لە دەست داوە و لێ ون بووە.

ئەم دوو وێنە دەستنووسە -وەک بڵاوکراوەکەی محەممەدی مەلا کەریم- گۆڕین و دەستکاریی ڕستە و وشە و ڕێنووسیان بەئاشکرا پێوە دیارە و نرخەکەیان هەر ئەوەیە و ئەویشە کە درێژەیان داوە بەبڵاوبوونەوەی عەقیدەکە لەنێو خوێندەوارەکانی سەردەمەکانیاندا. من لە جێگەی تایبەتیدا کەمێ قسەی دییان لێ دەکەم.

عەقیدە هەڵبەستراوەکەی (سەمیع) نێویش -کە فۆتۆکۆپییەکەیشی چاپ دەکرێ- بۆیێکا نواندوومە تا بزانرێ کە (عەقیدەی ئیمان) کاریگەر بووە و بەشێوەی (هەڵبەست)یش لەنێو کوردەوارییدا بڵاوبۆتەوە و دیارە هاوتایشی لە شوێنانی دی

کوردستاندا له کۆنەوە باو بووه. ئەم باسەم لە بابەتی (عەقیدەی ئیمان- دانان و نووسینی لەنێو کورد) دا ڕوونتر کردۆتەوە.

٧- عەقیدە دەستنووسەکانی بەردەستم و ئەوەی بڵاوکراوەی محەممەدی مەلا کەریمیش، بەڕێز و بەنیشانەی تایبەتی ئەوهە نواندووە:

یێکەم: هەرە دەستنووسی کۆن بەشێوەی، (د-١).

دووەم: دەستنووسی دووەم کە نێوبراوە بە(لوبولعەقاپید- لب العقائد) بەشێوەی (د-٢).

سێیەم: دەستنووسی سێیەم کە لەلاپەڕەکانیدا نێوەکانی (محەممەد مەزناوی) و (مەزناویی دووەم) هاتووە، بەشێوەی (د-٣).

چوارەم: مەتنی عەقیدەی بڵاوکراوی محەممەدی مەلا کەریم بەشێوەی (د-٤).

پێنجەم: دەستنووسی (عەقیدەی ئیمان)ی هەڵبەستراوی (سەمیع) نێو لە پاشکۆدا بەشێوەی (د-٥) کە ئەمیش یێکەم جارە بڵاو بکرێتەوە.

٨- لەبەر باری تەنگم و دەستگیر نەبوونی سەرچاوەی پێ ویست، بۆم نەکراوە ژیننامەی کەسەکان، بەتایبەتی (سەمیع) و (مەزناواییەکان) ورد بنوێنم. چەندم پێ کرابێ و لەبیر دابێ، هێندەم گوتووە.

٩- ئەو نێو نیشانەی بۆ کتێبەکەم داناوە، پێم وەیە ڕاستتر و ڕەوانترە.

ئیدی یێکێ لەباری من و سەرەمەرگدابێ، دیارە هەر کەموکورتی لێ دەقەومێ، خودا بکا بیروڕا و لێ کۆڵینەوەم سەرکێش و هەڵەی گەورەی نەبێ و توانیبێتم ئەم ئەرکە بەجێ بهێنم و گیانی پاکی (لالۆ)یش کە مایەی بووژاندنەوەی بوو، ڕەنجیدە و (ناکام) نەبێ.

لەدوا دێریشدا دەبێ سوپاسی نووسەری کورد، هاوەڵی هەرە بەشەرەف و دڵسۆزم کاکە مەحموود ڕەزا ئەمین بکەم کە قەڵەم ناتوانێ داستانی چاکە و جوامیری بگێڕێتەوە، خودا پاداشتی غیرەتی بداتەوە(*).

ئیمزا
بابی لالۆ
٢٠٠٣/٨/١٤ ملیار
زیندانی مەنفا، ستیل- هۆڵاندا

(*) کارەکە بەپشتیوانی خودا نیوە شەوی ٢٠٠٣/٩/١ ملیار تەواو بوو.

# بەشی یێکەم

## ١- سەرنجێکی مێژوویی خێرا

ئەم ولاتی (کوردستان)ەی ئەورۆ، مەڵبەندی ژین و هەڵکردی دێرینی مرۆڤایەتییە، بەرادەیێ دەبێژرێ (نووح) پەیامبەر و تۆفان هەر لە ئەم ولاتەدا هەڵکەوتووە و قەوماوە.

ئەو باسە ئەگەر تا ئەورۆ ئەفسانە بێ، ئەو ڕاست و ڕەوان زانست دەریخستووە و جەختی کردووە کە پێش هەڵکەوتنی مێژوو، مرۆڤی هەرە کۆن و ناسراو بە (نیاندەرتاڵ) لاشەکەی لە ئەشکەوتی «شانیدەر»ی ئێستەی سەربەبازێری «ڕواندز» و هەروەها یێکەم گوندی کشت و کێڵدار لەنێوچەی «گەرمیان- گوندی چەرمۆ»دا دۆزراونەتەوە[١].

ئەم ولاتە سەختە، پڕ چیا و دارستان و لەوەڕ و ئاو و ڕووبار و بەراو و بەرە، دواتر کۆمەڵە گەلێکی بەنێوبانگی مێژووی کۆنی تێدا ژیاوە وەک، (مادەکان، سۆمەرەکان، ئاشوورەکان، کاشییەکان و هتد) و هەر یێکەیش لە ئەمانە و لە سنوورێکی مێژوودا، پەلاماری یێکدی یان ولاتانی دی وەک (کلدان، بابل)ەکانیان داوە، تا بڕاونەتەوە!

مادەکان: گەلێکی کۆن و توانا و پڕ دەسەلات بوون. پەیامبەری یێکتا ناسیان (زەردەشت) و کتێبی دینیان (ئاوێستا) بووە، بێژراوە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش عیسا پەیامبەردا هەڵکەوتووە، دوایی ژێر کەوتووە و (کۆرۆش)ی پاشای ولاتی فارسی زەفەری پێ بردوون، ولاتی لێ زەوت کردوون. بەلام ئەم و ولاتەکەیشی لە **٣٣٠**ی پێش عیسادا تووشی پەلامار و زەوتکاریی (ئەسکەندەری ماکادۆنیی) و دوای ئەویش و هی دی، تا لە **٦٣٣**ی عیساییدا بەهاتنی ئیسلام دەسەلات و ولاتیان لە دەست دا و ژێرماڵە بوون، تەنانەت زمانی فارسییش پەکی کەوت، عەرەبیی خۆی داکوتا، ڕەواجی بوو.

هێندێ سەرچاوەی مێژوو دەڵێن (مادەکان) ساتێ لەنێوەندی فەرمانڕەوایی (ئەخمینیەکان)دا کوێربوونەوە، لە دەوروبەری سالانی ٤٠٠ی پێش عیسادا خۆرڕاستان

---

١- بەپێی لێ کۆڵینی ئارکیۆلۆجیی -شوێنەوارناسی، گوندی «چەرمۆ» لەنێوچەی (زەرزێ)دایە. زەرزێش مانای ڕوونە. (ئاوی زێڕین- زێی زێڕینە!).

بەنێوی (کاردۆخیی)یەوە سەریان بەرزکردۆتەوە و گۆیا (کورد)ی ئەورۆ وەچەیانە، بەڵام ڕای پێچەوانەش هەیە و گۆیا (کورتییەکان)ی نیشتەجێی وڵاتی «میدیای بچووک» باپیرە گەورەی کوردە.

هەرچۆنێ بێ وێرای ڕاگۆڕکێی زاناکانی مێژوو، زۆربەیان یێکدگیرن کە گەلی (کورد)ی ئەورۆ (ماد)ی و ئاریی نەژادە، تەنانەت کوردناسی ئەوتۆ هەیە (زەردەشت) خۆی بەهاووڵاتی کوردستانی خۆرئاوای ئەورۆ دەژمێرێت.

ئەگەر لە ئەو سنوورە مێژووییە و لە ئامێزی ئەو سەجەرەیەدا نێو و گەلی (کورد) هەڵکەوتبن، ئەوە وشە و نێو و شوێنێ، وڵاتی بەنێوی (کوردستان)ەوە لە سەدەی دوانزەی عیسایی و فەرمانڕەوایی (سەلجووکە تورکمانەکان)دا دەرکەوتووە و بەرە بەرە هێندێ دەوڵەتچکۆبێکی کورد لە ئێرە و ئەوێدا هەڵکەوتوون وەک: (ڕوادییە، دۆستەکیی، شەددایی، هەزبانیی، عەیاریی هتد...)، دواتریش کۆمەڵە میرنشینێ هەڵکەوتوون، بەڵام هەرگیز -تا ئەورۆ- ئەم وڵاتە و گەلەکەی لەژێر ئاڵای فەرمانڕەواییی یێککگرتوو. ئازاد نەهاتوونە مێژووەوە.

ئەو بارە درێژەی کێشاوە، بەڵام قەومانی جەنگی گرانی پەنجا ساڵەی نێوان (سەفەوییەکان)ی مەزەب شیعە و (عوسمانییەکان)ی مەزەب سوننە کە دوا جەنگیان (جەنگی چالدێران: ٩٢٠ک- ١٥١٤ز) بووە ئەوجا هەڵکەوتنی پەیماننامەی نێوانیان هەر لە (پەیمانی ئەماسیە: ٩٦٣ک- ١٥٥٥ز)ەوە تا دوا پەیمانی ئێرانی قاجاریی و تورکی عوسمانیی کە ناسراوە بە(پەیمانی دووەمی ئەرزەرۆم: ١/٤/١٨٤٧ز) هەموو کارێگەربوون بۆ بەرزیی و نزمی ئەو میرنشینە کوردانە... دەمێ سەربەخۆی تەواو و دەمێ نیمچە سەربەخۆ و مل کەچی فەرمانی لایێکیان بوون، سەرئەنجام هەردوو لا بەمەبەستی پەرەسەندن و تالان کردن، بەزۆر و ستەم و ئاژاوە نانەوە لەنێو خانەدانەکانی میرنشینەکاندا، لەبەرەوە توانییان قڕیان تێ بخەن و تا نیوەی سەدەی هەژدەی عیسایی بەتەواوەتی پاکۆیان دان. بەئەو پێیەش کورد و کوردستان وەک دوو بەشی داگیرکراویان مانەوە و جەنگی یێکەمی گێتیش لە ١٩١٤ز- ١٩١٨ز. دا باری گرانتر کردن کە بەشە داگیرکراوەکەی عوسمانییەکانی کرد بە سێ کەرتەوە، کەرتێکی بۆ تورکیای کەمالیی هێشتەوە -کوردستانی باکوور- و دوو کەرتەکەی دیی خستە پاڵ دوو وڵاتی تازە دروست کراوی: (عێراق) و (سوریا)ی عەرەب.